# بڕیاری دەستگیر کردنی نووسەر " مەریوان هەڵە بجەیی " بڕیارێکی پڕ لەشەرمەزاریە

لە ئەنجامی خۆپیشاندانی ڕێ پێدراوی ژمارەیەك لە ئەندامان و لایەنگرانی هێزو حیزبە ئیسلامیەکان لە شاری سلێمانی ، وەزیری ئەوقافی حکومەتی سلێمانی ڕایگەیاند کە حکومەتەکەیان ، حکومەتی ی . ن . ك ، حکومەتی سۆشیال دیموکراتی کوردەواری ، بڕیاری دەستگیر کردنی نووسەر مەریوان هەڵەبجەیی دەرکردووە ، هەر لەوێ وەزیری ناوبراو رایگەیاندبوو کە مەریوان بە پێ ی دەستوری کۆنەپەرستی تازەی عێراق دەدرێ بە دادگا ، وەزیری ناوبراو مەئموری سەفقەیەکی پڕ لە شەرمەزاری یەکێتی نیشمانیە بۆ رازی کردنی هێزە تاریکەکانی کۆمەڵگە .
حیزبە ئیسلامیەکان لە ئەندونسیاوە بگرە تا سلێمانی تا ئەوروپا ، قەت لە گەڵ ئەوەنین کتێب بە کتێب وەلام بدرێتەوە ، وشە بەوشە وەلام بدرێتەوە ،ئەوان لە بەرامبەر هەر سەربەخۆبوونێك لە بیرکردنەوە ، بوونی رایەکی جیاواز و دژ بە ئایدیۆلۆژی حیزبەکانیان ، تەنیاو تەنیا بەسزای مەرگ وسەربڕین وەڵام دەدەنەوە ، حکومەتە هیپۆکراتەکانی لە بابەتی حکومەتی سلێمانی و بەشار ئەسەد و موبارەك و علی عەبداللەی یەمەن ، بۆ ئەوەی سەرنجی کۆمەڵگا لە سەر فەسادی ئیداری حکومەتەکانیان لابدەن ، بۆ ئەوەی پینەو پەرۆی پرۆژە سیاسیەکانی حوکمڕانی خۆیان ریزو درومان بکەنەوە ، دێن خۆیان دەبن بە ئەکتەر لەو شانۆگەریانە ، دەبن بە حەسحەس و چاوساغی هێزە تاریکستانەکانی کۆمەڵگە ، حیزبە ئیسلامیەکانی کوردستانیش وەکو ئەوەی دووشەشیان بۆ دەرچووبێ ، بە دوای بیانوویەك دەگەڕان مارشێکی خۆماڵیانە بکەن ، تا بە ئەجێنداو خۆپیشاندانەکانی فەلەستین و لوبنان و سوریە گرێیان بداتەوە .مێژوو ئەو سەفقەیە بە ناوی حکومەتی سلێمانی تۆمار دەکا ، لەمرۆوە گیانی مەریوان و هاوسەرو منالەکانی ، لە ئەستۆ و ئۆبالی ی . ن .ك دایە .

دەستەی بەڕێوەبەری دەنگەکان
2006/07/February